# بەدڵنیاییەوە، ئەوە خەونێکی هەق وڕاستە إن شاء الله -بە ویستی خوای گەورە-، هەستە لەگەڵ بیلال ئەو وشانەی فێر بکە کە پێت ووترا، با ئەویش (بەو وشانە) بانگ بدات، چونکە ئەو دەنگی لە تۆ خۆشترە

لە عبداللەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد (شوێنی) زەنگ (دروست بکرێت)؛ بۆئەوەی خەڵکی کۆ ببنەوە بۆ نوێژ ئەنجامدان، خەونێکم بینی پیاوێک زەنگێکی بە دەستەوە بوو، ووتم: ئەی عبداللە ئەم زەنگە دەفرۆشیت؟ ووتی: تۆ چی پێدەکەیت؟ ووتم: بەهۆیەوە خەڵکی بانگ دەکەین بۆ نوێژ ئەنجامدان، ووتی: ئایا ڕێنیشاندەرت بم بۆ شتێک کە خێرترە لەوە؟ ووتم: بەڵێ (پێم بڵێ)، ووتی: «( الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن محمدا رسول الله، أشهد أن محمدا رسول الله، حيَّ على الصلاة، حيَّ على الصلاة، حيَّ على الفلاح، حيَّ على الفلاح، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلا الله)*»، پاشان لە نزیک پشتمەوە وەستا ووتی: وئەگەر قامەتت بۆ نوێژکردن بڵێ: «(الله أكبر الله أكبر، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن محمدًا رسول الله، حيَّ على الصلاة، حيَّ على الفلاح، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، قد قامتِ الصلاة، الله أكبر الله أكبر، لا إله إلا الله)**»، کاتێک بەیانم بەسەردا هات، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەوەی بینیم بۆیم باسکرد، ئەویش فەرمووی: «بەدڵنیاییەوە، ئەوە خەونێکی هەق وڕاستە إن شاء الله -بە ویستی خوای گەورە-، هەستە لەگەڵ بیلال ئەو وشانەی فێر بکە کە پێت ووترا، با ئەویش (بەو وشانە) بانگ بدات، چونکە ئەو دەنگی لە تۆ خۆشترە»، بۆیە منیش لەگەڵ بیلال هەستام، وئەو وشانەم پێی ووت، وئەویش بانگی پێیان دەدا، عومەری کوڕی خەتاب ئەمەی بیست، ولە ماڵ دەرچوو وجلەکەی ڕادەکێشا ووتی: سوێند بە ئەوەی تۆ بە هەق وڕاستی ناردووە ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوەم بینی (لە خەوندا) کە ئەو بینی، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(فَلِلَّهِ الحَمْدُ)^». ولە گێڕانەوەیەکی تردا: «ئەگەر (بانگی) نوێژی بەیانی بوو بڵێ: (الصلاةُ خيرٌ من النَّوْمِ، الصلاةُ خيرٌ من النومِ، اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ، لا إله إلا اللهُ)^^». *(واتە: خودا لە هەموو شتێک گەورەترە -چوار جار-، شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله -دوو جار-، شاهێدی دەدەم بەوەی موحەمەد پێغەمبەر ونێردراوی خودایە -دوو جار-، پەلە بکەن وئامادەی نوێژکردن بن -دوو جار-، پەلە بکەن وئامادەی سەرکەوتن بن -دوو جار-، خودا لە هەموو شتێک گەورەترە -دوو جار-، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله)، **(واتە: خودا لە هەموو شتێک گەورەترە -دوو جار-، شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، شاهێدی دەدەم بەوەی موحەمەد پێغەمبەر ونێردراوی خودایە، پەلە بکەن وئامادەی نوێژکردن بن، پەلە بکەن وئامادەی سەرکەوتن بن، نوێژ ئەنجامدان خەریکە دەستپێدەکات -دوو جار-، خودا لە هەموو شتێک گەورەترە -دوو جار-، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله)، ^(هەموو حەمد وسوپاسێک بۆ خوای گەورە)، ^^(واتە: نوێژکردن خێرترە لە خەوتن -دوو جار-، خودا لە هەموو شتێک گەورەترە -دوو جار-، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله؛ واتا لە پاش (ووتنی: -حي على الفلاح- سونەتە ئەم ڕستەیە دوو جار بووترێت لە کاتی بانگدان

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی چیرۆکی بانگدان دەکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی زەنگێک بەکاربهێنێت وەکو گاوڕەکان بۆئەوەی خەڵکی کۆببنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت بەهۆی دەنگی زەنگەکەوە، پاشان ئەمەی

ئەنجام نەدا، چونکە ئەمە لە تایبەتمەندی گاوڕەکانە ونابێت مسوڵمان لاساییان بکاتەوە، یەکێک لە هاوەڵان بە ناوی عبداللەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- خەونێکی بینی یەکێک زەنگی دەفرۆشت، ئەویش (عبدالله) ویستی بیکڕێت بۆئەوەی خەڵکی کۆببنەوە بۆ نوێژ ئەنجامدان، پیاوەکە پێی ووت: ئایا ڕێنیشاندەرت بم بۆ شتێک کە خێرترە لەوە؟ پاشان ڕستەکانی بانگدانی فێری کرد، بەیانی (عبدالله) چوو بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەم خەونەی بۆی باسکرد، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەمە خەونێکی ڕاستگۆیانە وفەرمانی پێیکرد ئەم وشانەی بانگدان بە بیلال بڵێتەوە بۆئەوەی بانگ بدات؛ چونکە دەنگی بیلال خۆشترە، کاتێک عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- ئەمەی بیست هات؛ بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم- کە ئەویش هەمان ئەم خەونەی بینیووە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10615